

## هەڵوێستەیەک لە ئاستی هەڵوێستەکەی مەلا بەختیار و سارد و سڕی گرووپی کوردی لە مەجلیسی دڵ و قودس دا !!

### مەهدی خەمبار

ئێمە لە کاتێکدا لە ئەندێشە و پەژارەی ئەوەداین کە ئاخۆ کەینێ ئەو بەشە زۆرەی تەعریب کە هێشتا وەکو دێوەزمەی سەر سینەی کورد و کوردستان ماوەتەوە کۆتایی دێت و شارە کوردیەکانی کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستان هەناسەی ئازادی بێ تەعریب هەڵدەمژن و کوردەکانیش دەگەڕێنەوە سەر زێدی باوک و باپیرانیان .

کەچی ئەوەتا کەسانێکی نەفس نزمی شۆڤێنی گۆشکراوی بەعس وەک درێژە پێدەری سیاسەتە تەواو نەکردووەکەی سەدامی زەلیلی بەندیخانە دەیانەوێت جارێکی تر بمانخەنەوە بەر ڕەحمەتی تەعریب و جارێکی تر ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرام بکەنەوە ! ( عبدالله جبوری ) پارێزگاری دیالی و خوا پێم نەگرێ کۆنە چەرچی دوێنێ ! زۆر ڕاشکاوانە باس لە دبارە گەڕانەوەی عەرەبە تەعریبەکانی خانەقین و ناوچەکانی دەوروبەری دەکات و پاساو بۆ مەرامە شەڕانگێز و قیناویەکەی دەهێنێتەوە و بڕیار لە سەر دور خستنەوەو لە سەر کار لابردنی هەموو ئەو فەرمانبەر و موچەخۆر و پۆلیس و ئاسایش و بەرپرسانە دەدات کە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە بەمەبەستی خزمەت گەیاندن و پاراستنی هێمنی و ئاسایشی شار و ناچەکە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتیەوە دامەزراون .

کۆبونەوە فراوانەکەی ڕۆژی 8.9.2004 ی نێوان پارێزگاری بەعقوبە ( دیالی ) و هەر یەک لە نوێنەرانی هاوپەیمانان و مام جەلال و پارتی و لایەن و حیزبە کوردستانیەکانی تر و قایمقامی خانەقین ، بەیەکجاری نیەت پیسی ئەم عەرەبە ڕەگەز پەرستە ئاشکرا بو کە زۆر بێ شەرمانە و بێ ئەوەی تۆسقاڵێک حیساب بۆ ئازار دیدەکانی دەستی تەعریب بکات ، پاساوی بۆ سیاسەتە چەوت و گڵاوەکانی دەینایەوە ، بەڵام خۆشبەختانە لە بەرامبەردا جامی پیرۆزی تورەیی و بێزاری نوێنەرانی کوردێش ڕژا و لە دەمی مەلا بەختیارەوە  بێ منجەمنج و بە ڕەقی و زەقی پێی ڕاگەێنرا کە ئێمە بۆ بڕای ببڕایە جارێکی تر ڕێگا نادەینەوە تەعریب و تەرحیل بکرێینەوە و ئەو سەردەمەش بە سەر چو کە جارێکی تر مل بۆ  بڕیاری هیچ کەس و دەسەڵاتێک کەچ بکەین کە لە دژمان دابڕێژرێت و مافەکانمانی پێ زەوت بکرێ ئامادەی هەموو قوربانی دانێکیشین لەم پێناوەدا .

ئێمە ئەم هەڵوێستەهاوبەش و یەکگرتوە کوردانەیە لە سەرکردەکانمان چاوەڕوان دەکەین .

دەبا ئەم هەڵوێستە یەکگرتوە جوامێرانەیەی نوێنەرانی کورد لە خانەقین بکرێت بە پیادە کردنی شێوازێکی نوێی خەباتی نەتەوایەتی ئەمڕۆمان و لە کەرکوکە ( قودس ) و ( دڵ ) ەکەشدا پیادەی بکەین ! با لە ئەمڕۆ بەدواوە نەفرەت لە منجەمنج و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و ململانێی ناڕەوا بکەین و لە هەر شوێن وکاتێکی پێویستدا وەڵامی پێویستی نەیارانمان بدەینەوە و چیتر چاومان لە لێپاڕانەوە و پێچ و پەنا و پاساو هێنانەوە نەبێت بەتایبەت لەو شارە کوردستانیانەی کە بگرە تا تائێستا گیرۆدەی دێوەزمەی تەعریبن ، با هیچ نەبێت لەو شارانەدا کوردایەتی بکەین نەک حیزبایەتی و شەڕەپەڕۆ کە بەهۆیەوە بێ گومان گەلی کورد تیایدا زەرەرمەند دەبێ و دوژمنان و نەیارانیشمان گۆی خۆیانی تیادا دەبەنەوە .

مێژوی دور و نزیکمان ئەمەشی ساخ کردۆتەوە کە کوردایەتی و کوردبونمانە توانیویانە بمانپارێزن و لە دەمی نەهەنگی لە ناوبردن و ڕیشەکێش کردن ڕزگارمان بکەن نەک حیزبایەتی .

لە گەڵ روبەڕوبونەوەکەی ڕۆژی 8.9 و بەبەراورد لە گەڵ بارو دۆخی کەرکوک ژمارەیەک خۆزگە لە ناخمەوە لە دایک دەبن

خۆزگە نوێنەرانی کورد لە کەرکوکە دڵ و قودسەکەشدا هەمان هەڵوێستەکەی مەلا بەختیار و گروپی کوردی خانەقینیان دەبوو بەباڵای ویژدانیان و هەقانە و ڕەقانە پەیامی خۆیانیان دەگەیاند و سنورێکی کۆنکرێتیان بۆ پاشماوەکانی تەعریب دادەنا . خۆزگە لەئێستا بە دواوە لە تاکێکمانەوە تا سەرکردەکانمان لە هەڵوێست وەرگرتنماندا لە بەرامبەر مەسەلە چارەنوس سازەکاندا وازمان لە شێرەو ڕێوی و منجەمنج و پاساو هێنانەوە دەهێنا و پشت ئەستور بە جەماوەری گەلەکەمان بڕیاری بوێرانەمان لە بەرامبەر هەر بڕیاری دەسەڵاتێک دەدا کە مەبەست تیایدا سەر پێ شۆڕکردن و بارکردنمان بێت !

دوبارە دەم و دەست خۆشی لە کاک مەلا بەختیار دەکەمەوە و خوازیاری ئەوەشم کە لە داهاتودا ئەمە هەڵویستی هەمو لامانبێت لە بەرپەچ دانەوەی هەر مەرامێکی گڵاوو نەگریسدا کە بیەوێت چۆک بە گەلەکەمان دابدات .

msh2004@luukku.com